### دووجار شوومکردووەو چوار زەویشم وەرنەگرتووە

# دڵنیا قەرەداخی ئەو قسانە بەدرۆ دەخاتەوە

**چاوپێکەوتنی / کاوان ئەبوبەکر**

**کچە گۆرانیبێژی کورد دڵنیا قەرەداغی کەئێستا لەگەڵ ئاری مێردی‌و ئاریۆسی کوڕیان لە شاری هەولێر دەژین, هەموو ئەو قسەو قسەلۆکانە بەدرۆ دەخاتەوە کە ئاراستەی کراوە, دڵنیا خان کاتێك لە لە بینای تەلەفزیۆنی زاگرۆس بینیمان ئامادەیی خۆی نیشاندا تاوەکو زۆر بەراشکاوی وەڵامی ئەو قسانە بداتەوە کە لەچەند شوێنێکدا ئاراستەی دەکرێت, هەرچەندە لەسەرەتایی چاوپێکەوتنەکەدا کەمێك دڵەراوکێی پێوە دیاربوو بەڵام بێ منەتانە وەڵامی دەدایەوەو شانازیشی بەوەوە دەکرد کەئێستا لەگەڵ مێردەکەیدا زۆر مورتاحەو لەژیانێکی خۆشدا دەژی, سەبارەت بەوەی بەنیازە هەولێر بەجێبهێڵێت‌و بگەڕێتەوە سلێمانی بەڵام هەندێك لێپرسراو لەسلێمانی رێگرییان کردووە, دڵنیا خان وتی : "ئەوەم تازە بیستووەو شتی وانییە, ئێمە تازە لەهەولێر ژیانمان دروستکردووەو لەگەڵ (ئاری)دا لەتەلەفزیۆنی زاگرۆس کار دەکەین, من خۆم بەخەڵکی سلێمانی دەزانم‌و ماڵی باوکیشم لەسلێمانییەو بەسەردانیش دەچینەوە ئەوێ, بەڵام تائێستا بیرمان لەوە نەکردۆتەوە بەیەکجاری بگەڕێینەوە".**



***دەڵێن لە مێردەکەت جیابوویتەتەوە, بەتایبەتی لەسەر ئەوەی داوای لێکردویت لەهونەر دوربکەویتەوە؟**

-(بەپێکەنینەوە)ئەوە نییە بەیەکەوەین, ئاساییە هەموو ژنو مێردێك عاجزییان دەبێت, ڕەنگە ماوەیەك لەیەکتری دورکەوتبینەوە بۆ ئەوەی بەخۆماندا بچینەوە, بەڵام ئەگەر ناکۆکییەکمان هەبووبێت تەنها لەسەر هونەر نەبووە, بەپێچەوانە هەندێك کار ویستوومە نەیکەم ئاری هانیداوم کە بیکەم, بۆیە دەڵێم هەرگیز شتی وا لەمێشکماندا نییەو شتی واش ڕوونادات چونکە یەکتریمان خۆشدەوێتو بەخۆشەویستی زەواجمان کردووە.



***ئەمە تاچەند ڕاستە کە وازت لەگۆرانی وتن هێناوە؟**

-نەخێر وازم لەگۆرانی وتن نەهێناوەو هەرگیز وازیشی لێناهێنم, ئێستا سی دییەکی تازەم بەدەستەوەیەو هەموو کارەکانیشی تەواو بووەو چاوەڕێی کۆمپانیای ڕۆژ دەکەم بلاْویبکاتەوە.

***ئەڵێن ئێستا کاری بازرگانی ( تجارەت )دەکەیتو بویت بەبازرگان؟**

-شتی وانییەو هەرگیز من بازرگان نیم.

***هەندێك خەڵك بەتایبەتی ئاوارەکانی سلێمانی کە ئێستا لەهەولێر دەژین, گلەیی ئەوە دەکەن کە چوار زەویت وەرگرتووە؟**

-( بەپێکەنینەوە)حاشا وەلیلا, هەرگیز چوار زەویم وەرنەگرتووە, ئەگەر وەرمگرتایە سەیارەکەمانم نەدەفرۆشت بۆ پێشەکی خانوو کە ئێستا کرێچین.

***زۆر کەس حەز دەکەن بزانن چەند جار ژیانی هاوسەریت پێکەوەناوە, چونکە لەناو خەڵکدا ژمارەی شوو کردنت زۆرە؟.**

–ئەمە دووەم شوومە, شووی یەکەمم زۆر منداڵ بووم دیارە نەگونجاندن لەنێوانماندا هەبوو, ئەو تەقدیری هونەری نەدەزانیو منیش هونەرمەندمو هونەرەکەم بەهەموو دنیا نادەم, لەبەرئەوە رێك نەکەوتینو جیابووینەوە, دواتر شوومکرد بەئاری, ئەلحەمدولیلا ئەوەی کە زۆر رێك بین لەسەری هونەرە.

***ئێستا چی بەخەڵك دەڵێیت, بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە ئەو قسانەیان کردووە؟**

–(ربنا یسامحهم), نازانم بەچ نیەتێکەوە ئەو قسانە کراوە کەهیچی راست نییە, ئینشائەڵلا رۆژگار ئەوە ئەسەلمێنێت, بێگومان گۆرانیبێژ یان کەسە بەناوبانگەکان چەندە جمهوریان هەیە رەنگە ئەوەندەش ناحەزیان هەبێت, بەلأم بۆیان ئیسپات دەکەم کە ئەو قسانە هیچی راست نییە, بۆشیان ئیسپات دەکەم کە شتی تازەم پێیەو دوو ساڵە هیلاك بووم لەگەڵیداو کاری زۆر جوانیشم تیاکردووە, وەکو هونەر بەو سی دییە بۆیان ئیسپات دەکەم.

***باسێکی سی دییە تازەکەتمان بۆ بکە؟**

–لە حەوت ماددە پێکهاتووە کە سیانیان ئاراز کۆیی ئامادە کردووەو یەکێکیان کەریم شێخانی ئاوازو هۆنراوەی بۆ داناوە کە بادینانییە, یەکێکی تریان هۆنراوەو ئاوازی خۆمە, هەروەها کاك هۆگرو هێمنو زیرەك محەمەدو شیاوو گۆران کاری مۆسیقایان کردووەو داوای لێبوردنیش لەوانە دەکەم کەناویانم لەبیرچووە.

***ئەی بەنیاز نیت ئەزموونی نواندن لەسینەمادا دووبارە بکەیتەوە؟**

–زۆر کەس سیناریۆیان بۆ هێناوم, بەلأم لەبەر بێ بواری بیرم لێنەکردۆتەوە, نازانم ئەگەر لەداهاتوودا سیناریۆیەکم بەدڵ بێتو کاری تیابکەم.

*** پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندە قەرەداغییەکاندا چۆنە؟**

–قەرەداغ هەمووی خزمەو پەیوەندیم زۆر باشە.

***ئەی چۆن هەڵیان دەسەنگێنیت بۆ نمونە دیاری قەرەداغی ؟**

–نمونەی وەفادارییە.

***ئەنوەر قەرەداغی ؟**

–ئیمبراتۆرە.

***عەتا قەرەداغی ؟**

–دڵی گەنجان.

***واز لە قەرەداغییەکان بێنە ئەی ئاری هاوسەرت؟**

–جوانترین دیارییە کە خوا پێیداوم.

***ئەدەوێت چی بەخەڵکی سلێمانی بڵێیت ؟**

**–بەدڵ خۆشم دەوێن, سلاّوو رێزم بۆیان هەیە منیش بەشێکم لەوان‌و خەڵکی سلێمانیم, هیوام وایە باوەڕ بەهەموو قسەیەك نەکەن تا دڵنیا نەبن لێی, بەو هیوایەم رۆژێك لەرۆژان کۆنسێرتێك لەسلێمانی بکەم ئینشائەڵلاّ ئەوەش روودەدات.**

**دواتر پێمانخۆشبوو ئاری مێردی دڵنیا (کە ئەویش هەر هونەرمەندە) قسەیەکی لەسەر دڵنیا هەبێت ئەویش وتی : "یەکەم‌و دوا قسەم ئەوەبوو هەمیشە ترسم لەوە بوو کەژن بهێنم‌و هونەر بدۆڕێنم بەلاّم کە زەواجم لەگەڵ دڵنیا کرد هەردوکیانم بردەوە", سەبارەت بەو قسانەش کە بۆ دڵنیا دەکرێت ئاری وتی : "بێگومان خەڵکی بێکار هەیە کە لەحالەتێکی دەرونیدا قسە دروست دەکات, قسەش هەر دەکرێت بەلاّم ئەو قسانە بۆ دڵنیا گەورەییە چونکە کەسێك ئەگەر وجودی نەبێت شتێك بەدوایدا ناوترێت, ئەگەر قسە بەباش‌و خراپ بۆ کەسێکی بەناوبانگ دروست نەکرێت واتە ئەو کەسە بوونی نییەو لای خەڵك دیار نییە".**